# پیاوێک لەوانەی پێش ئێوە لێپرسینەوەی لێکرا، هیچ کردەوەیەکی خێری ئەنجام نەدا بوو، جگە لەوە نەبێت مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد ودەوڵەمەند بوو؛ وفەرمانی بە خزمەتکارەکانی دەکرد بەوەی ئاسانکار بن لەگەڵ ئەوانەی حاڵیان باش نییە، خوای گەورە فەرمووی: ئێمە شایستەترین بەو (ئاسانکارییە)؛ چاوپۆشی لێبکەن

لە ئەبی مەسعودی بەدرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاوێک لەوانەی پێش ئێوە لێپرسینەوەی لێکرا (لە ڕۆژی قیامەتدا)، هیچ کردەوەیەکی خێری ئەنجام نەدا بوو، جگە لەوە نەبێت مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد ودەوڵەمەند بوو؛ وفەرمانی بە خزمەتکارەکانی دەکرد بەوەی ئاسانکار بن لەگەڵ ئەوانەی حاڵیان باش نییە (بۆ دانەوەی قەرزەکان)، خوای گەورە فەرمووی: ئێمە شایستەترین بەو (ئاسانکارییە)؛ چاوپۆشی لێبکەن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک لەوانەی پێش ئێوە لێپرسینەوەی لێکرا -لە ڕۆژی قیامەتدا-): واتا لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە) لێپرسینەوەی لە پیاوێک کرد لە ئومەتەکانی پێشووتر سەبارەت بەو کردەوانەی ئەنجامیدا بوو لە دونیادا. (هیچ کردەوەیەکی خێری ئەنجام نەدا بوو): واتا لە کردەوە خێر وچاکەکان کە ببنە هۆی نزیکبوونەوەی لە خوای گەورە -سبحانه وتعالى-. (جگە لەوە نەبێت مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد ودەوڵەمەند بوو ): واتا مامەڵەی بازرگانی -کڕین وفرۆشتن وقەرزدان-ی لەگەڵیان دەکرد وپیاوێکی خاوەن سامان ودەومەڵەند بوو. (وفەرمانی بە خزمەتکارەکانی دەکرد بەوەی ئاسانکار بن لەگەڵ ئەوانەی حاڵیان باش نییە -بۆ دانەوەی قەرزەکان- ): واتا فەرمانی بەو کەسانە دەکرد کە لەلای کاریان دەکرد لە کاتی وەرگرتنەوەی قەرزەکان لە خەڵکی، لێبووردە وئاسانکار بن لەگەڵ کەسێک کە حاڵی باش نەبێت وهەژار بێت ونەتوانێت پارەکە وەکو خۆی بداتەوە ئەمیش بەوەی ئەوەندەی پێبکرا لێی وەربگرن وقەرزەکەی لەسەر کەم بکەنەوە. (خوای گەورە فەرمووی: ئێمە شایستەترین بەو -ئاسانکارییە-؛ چاوپۆشی لێبکەن): واتا خوای گەورە لێی خۆش بوو، ئەمیش وەکو پاداشتێک بۆ چاکەکاری بەرامبەر خەڵکی، ونەرم ونیان بوون لەگەڵیان، ولێبووردە بوون وئاسانکاری بۆ کاروباریان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3707

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee